

# له دوای بیست ساڵ

ئۆ هێنری
له ئینگلیزییه‌وه : ئیحسان سابیر خه‌یات

بۆ به‌جێ گه‌یاندنی ئه‌رکه‌که‌ی، پۆلیسه‌که به دڵگه‌رمییه‌وه بۆ سه‌رووی شه‌قامه پانه‌که ڕۆیشت، دڵگه‌رمییه‌که‌ی بۆ خۆ پێشاندان نه‌بوو، چونکه ته‌ماشاکه‌ران ده‌گمه‌ن بوون. کات نزیکه‌ی ده‌ی شه‌و بوو، به‌ڵام ڕه‌شه‌بایه ساردوسڕ و باراناوییه‌که شه‌قامی به خه‌ڵک چۆڵ کردبوو.

به دارده‌ست بادان و به هه‌ندێک جووڵه‌ی فێڵبازانه، به مه‌به‌ستی به‌سه‌رکردنه‌وه‌یان یه‌ک به یه‌ک به ده‌رگای دووکانه‌کاندا ده‌هات. ناوه‌ناوه بۆ چاودێریکردنی شه‌قامه خامۆشه‌که ئاوڕێکی له دوای خۆی ده‌دایه‌وه. به جه‌سته توندوتۆڵه‌که‌ی و جۆره پۆزلێدانێک، دیمه‌نێکی جوانی بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایش دروست کردبوو.

له شوێنه نزیکه‌کاندا هێشتا زوو بوو. جار به‌جار گڵۆپه‌کانی کۆگایه‌کی جگه‌ره، یان مێزه‌کانی نانخواردن ده‌دره‌وشانه‌وه، به‌ڵام زۆربه‌ی دووکانی کاسبکاران داخرابوون.

له ناوه‌ڕاستی بلۆکێکی بازاڕدا، له پڕ پۆلیسه‌که له ڕۆیشتندا خاو بووه‌وه. له پێش ده‌رگایه‌کی داخراوی کۆگایه‌کی که‌لوپه‌لی کانزایی پیاوێک به جگه‌ره دانه‌گیرساوه‌که‌ی زارییه‌وه، له تاریکیدا چه‌مابووه‌وه. ڕێک له‌و ده‌می پۆلیسه‌که لێی چووه پێش، پیاوه‌که به متمانه‌وه گوتی:

– جه‌نابی ئه‌فسه‌ر، من ته‌نیا چاوه‌ڕێی هاوڕێیه‌کم ده‌که‌م، په‌یمانێکی پێش بیست ساڵ له نێوانماندا هه‌یه، به لاته‌وه سه‌یره، وا نییه؟ باشه ئه‌گه‌ر ده‌ته‌وێ لێی دڵنیا بی، ئێستا بۆتی ڕوون ده‌که‌مه‌وه. چێشتخانه‌یه‌کی له‌مێژینه له شوێنی ئه‌م کۆگایه‌دا هه‌بوو به ناوی چێشتخانه‌ی (جۆ بڕادی) گه‌وره.

پۆلیسه‌که هاته گۆ:

– ئه‌م چێشتخانه‌یه تاکوو پێش پێنج ساڵ مابوو، به‌ڵام له دواییدا ڕووخێنرا.

پیاوەکـەی پێـش دەرگاکـە شـقارتەیەکی داگیرسـاند و جگەرەکـەی پـێ کـرد. ئەنجامەکـەی، دەموچاوە زەرد هەڵگەڕاوەکـەی و شـەویلاکە چوارگۆشـەکەی و چـاوە تیژەکانـی و شـوێنی برینێکـی بچووکـی نزیـک بـرۆی ڕاسـتی، ڕوونـاک بـووەوە. دەمبووسـە ئەڵماسـەکەی سـەر ملپێچی بـە نائاسـایی قایم کرابـوو.

– بیسـت سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا وەکوو ئەمشـەو مـن نانـی ئێوارێـم لـە گـەڵ خۆشەویسـتترین و باشـترین مرۆڤـی ئـەم دنیایـە (جیمـی وێڵـس) لـە چێشـتخانەی (جـۆ بـرادی) گـەورە خـوارد. ئێمـە نانمـان بـێ یەکتر نەدەخـوارد، لێـرە پێکـەوە وەک دوو بـرا گـەورە بووین. مـن هـەژدە سـاڵان بـووم و (جیمـی) بیست سـاڵان بـوو. بەیانییەکـەی ڕۆژی دواتـر بڕیـارم وا بـوو بـۆ ڕۆژئـاوا بچـم بـە دوای چارەنووسـمدا بگەڕێـم. سـەبارەت بـە (جیمـی) ئەسـتەم بـوو لـە (نیویـۆرک) دووری بخەیتـەوە، چونکـە پێـی وا بـوو (نیویـۆرک) تاکـە شـوێنی سـەر ئـەو زەمینەیـە، بـە هـەر حـاڵ شـەوەکەی ڕێـک کەوتیـن دوای بیسـت سـاڵی دی هەردووکمـان لێـرە، لـە هەمـان ڕۆژ و لـە هەمـان کات و لـە ژێـر هـەر بارودۆخێکـدا بیـن و لـە هـەر شـوێنێکی دنیـادا بیـن، پێـک بگەینـەوە. یـەک لـە ئێمـە پێشـبینیمان کـرد هـەر لـە مـاوەی ئـەو بیست سـاڵەدا چارەنووسـی خۆمـان خەملاندبـێ.

ئەوجا پۆلیسەکە گوتی:

– زۆر سـەیرە. پێموابـێ ماوەکـە درێژە. باشـە، لەو کاتـەوە جێـت هێشـتووە، هیچت لێ نەبیسـتووە؟

– بەڵـێ، ماوەیـەک پێوەندیمـان هەبـوو، بـەڵام دوای یـەک دوو سـاڵ ئاگامـان لـە یەکتـر نەمـا. ڕۆژئـاوا هەڵبەتـە گوڵپـۆش و ئاسـان نییـە و منیـش بـە هەمـوو تواناییمـەوە چالاکانـە کاری بـۆ دەکـەم. مـن دەزانـم ئەگـەر (جیمـی) زینـدوو بـێ، دێـت و لـەم شـوێنە دەمبینێـت، چونکـە ئـەو هەمیشـە ڕاستگۆترین و بـە وەفاتریـن کەسـە لـەم جیهانـەدا، ئـەو هەرگیـز شـت لەبیـر نـاکات. مـن لـە دووری هـەزار میلـەوە هاتـووم، بەڵکـوو ئـەم شـەو لێـرە لـە پێش ئـەم دەرگایـە ڕابوەسـتم، بۆیـە شایسـتەی ئـەوەم دۆسـتە دێرینەکـەم ببینـم.

ئەوجـا کابـرا کاژێرێکـی جوانـی دەرهێنـا کـە قەپاغەکـەی بـە وردە ئەڵمـاس چنرابـوو و ڕایگەیاند:

– سـێ خولەکـی دەوێـت بـۆ دە، ڕێـک ئـەو کاتـە بـوو کـە لێـرە لـە دەرگای چێشـتخانەکە لێـک دابڕایـن.

پۆلیسەکە سەیری کرد و پرسیاری لێ کرد:

– ئاخۆ لە ڕۆژئاوادا کاری باشت کردووە؟

– بێگومـان، ئومێـدەوارم (جیمـی) لێـرە نیـو ئەوەنـدەی منـی کردبـێ، خـۆ ئەویـش پیاوێکـی مانـدوو و ڕەنجبـەر بـوو. مـن دەبـووا لـە پێنـاو پەیداکردنـی سـامانێکی بـاش، ڕکابەریـی هەنـدێ کەسـی زۆر زیـرەک بکـەم. لـە (نیویـۆرک) دوور نییـە پیـاو بکەوێتـە نێـو چاڵـی گـەورە گـەورەوە، بـە تایبەتـی کەسـی ڕۆژئاوایـی تێیـدا زۆر جـار تووشـی فەتـارەت دێـت.

پۆلیسـەکە داردەسـتەکەی بادا و یـەک دوو هەنگاوی هاوێشـت و گوتی:

– وا مـن دەڕۆم، هیوادارم دۆسـتەکەت بـێ گرفـت بـەدەر بکـەوێ. پێـم بڵـێ تـۆ زۆر بـە پەلـەی بـۆی؟

– هێنـدە نـا، هیـچ نەبـێ کاژێرێکـی پـێ دەدەم. ئەگـەر لـە دنیـادا مابـێ، پەیـدا دەبـێ. ئەفسـەری بەڕێـز بەخێـر چـێ.

– شەوباش بەڕێز.

ئیـدی پۆلیـس بـۆ بەسـەرکردنەوەی دەرگاکان بـەدوای کارەکەیـدا ڕۆیشـت.

بـاران نـم نـم دەبـاری و بـای ناوەختیـش تـا دەهـات توندتـر دەبـوو. لـە کۆڵانەکـە ڕێبـواران تـاک تـاک بـە پەلـە و بـە کرۆکپـی دەردەکەوتـن، جگـە لـە هەنـدێ کەسـی پاڵتۆلەبـەری یەخـە وەرگێـڕدراو و دەسـت لـە نێـو گیرفـان. لـە دەرگای کـۆگای کەلوپەلـە کانزاییەکانیشـدا ئـەو پیـاوەی بـۆ بەجـێ گەیاندنـی بەڵێنەکـەی خـۆی هـەزار میلـی بڕیبـوو، دڵنیـا نەبـوو دۆسـتە دێرینەکـەی وا کەمهـۆش بووبـێ، دواتـر جگەرەیەکـی کێشـا و چاوەڕێـی کـرد. بیسـت خولەکێـک لـە چاوەڕوانیـدا مایـەوە، ئەوجـا

پیاوێکی درێژی پاڵتۆلەبەر کە تا گوێچکەکانی یەخەی وەرگێڕابوو، بە پەلە لەوبەری شەقامەوە پەڕییەوە. ڕاستەوخۆ بۆ لای پیاوە وەستاوەکە هات و بە گومانەوە پرسیاری لێ کرد:

– ئەوە تۆی (بۆب)؟

پیاوەکەی پێش دەرگا حەپەسا و هاواری کرد:

– ئەوە تۆی (جیمی وێڵس)؟

کابرای تازەهاتوو هەردوو دەستی (بۆب)ی خستە نێو دەستەکانی خۆیەوە و بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

– ئەوە (بۆب)ـە! کاری قەدەرە! من هەمیشە دڵنیا بووم ئەگەر لە ژیاندا مابی (بۆب) لێرە دەتدۆزمەوە. زۆر باشە– بیست ساڵ ماوەیەکی درێژە. (بۆب) چێشتخانەکەش نەماوە، خۆزگە دەما، بەڵکوو ژەمێکی تری ئێوارێمان تێدا دەخوارد. پێم بڵێ هاوڕێ، ڕۆژئاوا چۆن بوو بۆت؟

– نایاب بوو، هەموو شتی بۆ دابین دەکردم، تۆ زۆر گۆڕاوی (جیمی)، من هەرگیز خەیاڵم نەدەکرد بالآت هێندە بەرز بووبێ !

– ئۆو، دوای تەمەنی بیست ساڵیم، کەمێک گەشەم کرد.

– (جیمی) ئیشوکارت لە (نیویۆرک) باشە؟

– تا ڕادەیەک، لە یەکێک لە دامودەزگاکانی ناو شار پۆستێکم هەیە. وەرە (بۆب)، با بچینە ئەو شوێنەی شارەزام– لەوێ باسی وردودرشتی ڕابوردوومان بکەین.

هەردووکیان قۆڵیان لە قۆڵی یەکتر ئاڵاند و بۆ نێو شەقامەکە بازیان دا و ڕۆیشتن. پیاوی ڕۆژئاوایی هەستی سەرکەوتن لە کارەکەیدا، ڕۆحی گەورە کردبوو و بە پوختی باسی خۆی کرد. هاوڕێکەشی لە ناو پاڵتۆکەیدا گوێیەکانی بۆ قسەکانی مووچ کردبووەوە.

لە سووچێکدا کۆگایەکی بریقەداری دەرمان هەبوو، کە هاتنە ئەو شوێنە ڕووناکە، هاوکات هەردووکیان چاویان بڕییە دەموچاوی یەکتری، کابرای ڕۆژئاوایی لە پڕ ڕاوەستا و شێلگێرانە قۆڵی خۆی لە قۆڵی دۆستەکەی کێشایەوە و قیژاندی:

– وای !! تۆ (جیمی وێڵس) نی! بیست ساڵ ماوەیەکی درێژە، بەڵام ئەو درێژەش نییە لووتی چەماوی پیاو بۆ لووتێکی پان، یان کنیش بگۆڕێت.

پیاوە درێژەکە وەڵامی دایەوە:

– هەندێک جار ئەو ماوە درێژە پیاوی باش دەگۆڕێت بۆ خەراپ. (بۆب) تۆ دە خولەکێک دەستبەسەر کرابووی. (شیکاگۆ) مەزندە دەکات تۆ لای ئێمەی، بۆیە پێوەندیمان پێوە دەکات و دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات، جا بەبێ پەلپگرتن دەڕۆی– وا نییە ؟ باشە، ئێستا بەر لەوەی بۆ بنکەی پۆلیس بچین، کاغەزێکم لایە داوام لێ کراوە ڕادەستت بکەم. تۆ دەتوانی لێرە، لەو پەنجەرەیە بیخوێنیتەوە. کاغەزەکە لەلایەن پۆلیسی (وێڵس)ـەوە هاتووە. کابرای ڕۆژئاوا کاغەزەکەی کردەوە. لە سەرەتادا ئاسایی بوو، بەڵام لەکۆتاییەکەیدا دەستەکانی کەمێک دەلەرزین. نامەکە درێژ نەبوو، تێیدا هاتبوو: (بۆب)، من لە شوێن و کاتی دیاریکراودا ئامادە بووم. تۆ کە شقارتەکەت داگیرساند بۆ جگەرەکەت، بینیم دەموچاوەکەت هەمان ئەو دەموچاوە بوو کە شیکاگۆ داوای کردبوو. من نەمویست خودی خۆم داواکارییەکەی (شیکاگۆ) جێبەجێ بکەم، بۆیە بە دوای پۆلیسێکی جلوبەرگ سادەی سیڤیل گەڕام بۆ جێبەجێکردنی.

(جیمی)

تێبینی:

١– سەرچاوە: گووگڵ Owl Eyes
https://www.owleyes.org.

٢– ناوی ڕاستەقینەی نووسەر (ولیەم سیدنی پۆرتەر) بوو.